کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

19-12-2007 13:30 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لەناسر عەزیزهەورامیەوە بۆ بەرزان تاڵەبانی

بەرێزم، من ئەزانم{نە بەرزان یتو نە تاڵەبانی}، ئەمە ناوێکی خوازراوە. یانی ئەمە مانای ئەوەییە، بە گوێرەی پێوەری نوسینێکی ئەکادیمی، هیچ ماناو قیمەتێکی نوسین ناگرێتە خۆی. وێرای ئەوەی کەنووسینەکەت، هەڵەو نامەسوولییەتی زۆری تیایە، نامەسولیەت مانای چییە؟نامەسوولییەت ئەوەییە، بەرێزت نووسینێک بنووسیتو لێی دڵنیا نەبیت، ئەمەش ئەچێتە خانەی کفری نووسینەوە. وا لەخوارەوە ئەوانەت بۆ دەسنیشان ئەکەم. هیوادارم لە داهاتوودا کەشتت نوسی لەسەر وەتەری کەس نەژەنی، با لەسەر وەتەری هۆشو هەستی خۆت مۆسیقا بژەنە، ئەونووسینەی بەڕێزت، هەرچەند بەگوێرەی یاسا حوکمی لەسەرە، ویژدانییەنیش زوڵمە. وای دابنێین ئەوەی لەسەر بەڕێز جەمیل هەورامیت نوسیوە ڕاست بێت؟ئایا بەڕێزت وەکو نووسەرێک، کەسیتر نییە لەو مستەحەقبێت پێشی بخەیت ئینجا دوایی سەرەی ئەو بێت؟



بێگومان بەڵێ. بەڵام وا دیارە تۆ لەجیهەتێکەوە پاڵیان پێوەناویت، کە کەساییتی ئەو بەڕێزە بشێوێنیت، بابزانیت من جەمیل هەورامی هاوڕێی مناڵیمە، بەڵام ئێستا زۆر تەبا نیم لەگەڵی، لەسەر شتێکی شەخسی نیوان خۆمو ئەو، بەڵام ئەمە ئەوە نا گەیێنێت من لەسەر حەق نەبم؟لە هەرشوێنێک ناحقیم بینی، بەبێ بیر کردنەوە دێمە جواب، ئەگەر زۆریشم لەسەر کەوتبێت.

بابێمە سەر هەڵەکانی بەڕێزت:- من سێ شاهەدەی ئەکادیمیم هەییە{بەکەلۆریۆس لە مێژوودا، دبلۆم لەجوغرافییەدا دبلۆم لە زانیاری دەروونییەکاندا[علم النفس]}هەتا بابەتێک گەڵاڵەئەکەم، چەند شەوو چەند ڕۆژ بیری لێئەکەمەوە، هەتا دێڕێک ئەنوسم چەنجارێک پیایا دێمەوەو، ئەیهێنمو ئەیبەم، نەوەکو بکەومە هەڵەییێکەوەو، لەسەر کەسایەتییو شەخسییەتیئەکادیمیم بکەوێت یان زوڵم لەیەکێک بکەم.

بامنو تۆش نەچینە بەر لە عنەتی شیخ ڕەزا نەکەوین، کە ئەفەرمێت:-

چوونکە شاعر زۆربوو، لەم عەسرەدا
بووەتە حەشری نێرەکەر، لەم حوجرەدا

1- بەڕیزت، نووسینەکانی منت وەکو سەرچاوەییێک بەکار هێناون، بەبێئەوەی من ئاگادار بکەیتەوە
2- نوسینەکانی من نە لەدوورو نەلەنزیک پەیوەندیان بەو نوسینەوە نییە.
3- جەمیل هەورامیتبەوە تاوانبار کردوە، کەحیزبی هەورامی درووست، ئەکاتو کوردو هەورامی جیا دەکاتەوە.
4- ناوی ڕەحمەتی باوکییت بردوە بە شێخۆ، کەوەکو شێخۆ عەیبیەبێت، باوکی جەمیل هەرامی ڕاستە فەقیر بوە وکو زۆربەی خەڵکی هەورامان. بەڵام عزەتی نەفسی زۆر زۆر بەرز بوو.
5- تومەتێکی زۆر خەتەرناکت خستوەتە پاڵی، کەگوایا غەفوور ئەوە کوشتویەتی، نەخێر وا نییە؛ غەفور خوا عەفووی کا بەبەر چاوی زۆر خەڵکەوە، ئیسلامییە توند ڕەوەکان، لە هەڵەبجە شەهیدیانکردوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

19-12-2007 13:30 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

6- دەڵێی کە بەڕێزان جەمیل و حەسەن و جەمیلی ئاغەجافر کەوتوونەتە پێش منداڵەوردکە وتوویانە کل هەورامان بعسییە گوێزەکانیش بعسییە. ئەمە ئەسڵو ئەساسی نییە. شتی وا ڕووی نەداوە، بەڵێ ڕاستە یەکێک وتی، کل هەورامان بعسییە، گوێزەکانیش بعسییە، من ئێستە چاکم لەبیرە شەویش بوو، بعسییەکان کاولییو ماولیان هێنابوو بۆ تەوێڵە حەفلەبکەن، ئەویەکە سەمن نامەوێت ناوەکەی بڵێم، هەتا ئێستاش لای خەڵکی تەوێڵە قێزی لێ ئەکەنەوە. بەڵام بائەوە بزانیت ئەو کەسە ئەسڵ تەوێڵەیی نیە، هەورامیش نییە، سەرخۆشبوو. لەزەمانی گرانییەکەدا، کە خەڵکێکی زۆر ڕوویان کردوەتە هەورامان، بۆ ئەوەی لەبرسییەتی نجاتیان بێت، چونکە وەکو پێشتر باسم کردوە، هەورامان خواردنی خۆیانیان هەبووە محتاجی شوێنەکانی تر نەبوون، خەڵکێکی زۆریشیان لەو برسییەتییە نجات داوە، ئەو بەڕێزەش باوکی لەگرانیەکەدا هاتوەتە تەوێڵەو، لە سلێمانیشەوە هاتوە خەلکی تەوێڵەنین، پاشان لە هەورامان ماونەتەوە.

7- نوسیوتە، جەمیل هەورامی مەسوولی جمعیەی فەلاحیین بووە. ئەمە درۆیێکی شاخدارە جەمیل ئەوە نەبووە من جەمیل نوقتەو فاریزەی ژیانی ئەزانم چی بووە، تەحەدا ئەکەم ئەگەر وابووبێت.

8- نوسیوتە مەسولی تەجاوزات بووە، ئەویشت ڕاست نییە، جەمیل کاتب گابیعە بووە لە بلەدییە، .

من ئەزانم تۆ لەکوێوە پاڵیان پێوەناویت ئەوە بنووسیت، من ئەتوانم بۆت ئیسپات بکەم ئەوانە سەرکردەکەیان نەخۆشی دەروونی لەگەڵە، من هیوادارم نەبیتە داردەستی هیچ کەسێکو، کە ئەشنوسیت بە ناوی خۆتەوە بنووسە، ئەگەر ئەترسی مەنووسە. من ئەم نووسینەم بۆییەنوسی بۆ حەقیقەتو بۆ ئەوەی زۆرکەسیش نانو پیازیان پێوەخواردوە لای جەمیل هەورامی وتوویانە مامۆستا ناسر بووە، بەڵام جەمیل من باش ئەناسێت کە من ناترسم

ئەکەربنوسم بەناوی خۆمەوە ئەنووسم. ئەگەر بترسم نانووسم من هیچم نییە لێی بترسم، مرۆڤیش ئەک جار ئەمرێت

ترسی ناوێت شتی بەسوود بنووسەو حەقبێژبەو شاباشی خۆت بدەو قنج هەڵپەڕە.

من ناتوانم هەمو نوسینەکە وەڵام بدەمەوە جونکە زۆر دوورو درێژ ئەبێت خوێنەری ئازیزیش تووشی مەلەل ئەبێت

ئەم نمونانەشم بۆییە هێنایەوە، کە نوسینەکەت بێسەرو بەرە، هیوادارم لێشم عادز نەبیت. ئەگەر ئەشکرێت پەیوەنیم پێوە بکە، من ناوەکەت هەر بە نهێنی لام ئەمێنێتەوە، پێم خۆشە بەگفتووگۆ لەگەڵتا بدویم، بزانیت چێ ناحەقییێکت کردوە

هیوادارم هەڵەکەی خۆت ڕاست بکەیتەوە.

مێژوو ناس

ناسر عەزیز هەورامی

هۆڵەندا/لاهای/2007/12/15

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.